ئۆپەراسیۆنی هاوبەشکان کوشتنی 4 تیرۆریستی لە بیابانی سەرسار راگەیاند

ئەمڕۆ یەکشەممە،فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنی هاوبەشکان کوژرانی 4 تیرۆریستی لە بیابانی (سەرسار)ی راگەیاند کە یەکێکیان پشتنی تەقەمەنی لەبەردا بوو.

لە ڕاگەیەندراوەکی شانی ڕاگەیاندنی ئەمنیدا هاتووە:لە درێژەی قۆناغی سێیەمی ئۆپەراسیۆنەکانی (وەعد و حەق)و لێکاتی ڕاوەدوونانی تیرۆریستان لە بیابانی سەرسار لەلایەن هێزەکانی حەشد لە قائیم، ئیتەمبەلێکی جۆری پیکاپ کە 4 تیرۆرستی تێدابوو و یەکێکیان پشتنیەکی بەمبۆژکراوی بەستبوو سەرجەمیان کوژران.

وەک ڕاگەیەندراوەکە ئاماژەی پێداوە:- ژمارەی ئەو تیرۆریستانەی لە ماوەی 24 کاتژمێری ڕابردوودا بە دەستی هێزە ئەمنییە قارەمانەکانمان کوژراون، گەیشتۆتە 10 تیرۆریست.